# بابا تاهیری هەمەدانی و یەکیەتی بوون لە دوو بەیتییەکانیدا

م.د. سالار عزیز محمود
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر/ کۆلێژی پەروەردەی بنیات

تاريخ التقديم: ١٧٤ في ٢٠١٧/٤/١٩
تاريخ القبول: ٣٣٩ في ٢٠١٧/٦/١٤

**پوختەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە چەند تەوەرێك دەگرێتە خۆی و ئامانج لێی خوێندنەوەیەکی واقیع بینانەیە بۆ ئەو قسەو باسانەی لەسەر کەسایەتی بابا تاهیر و ژیان و دووبەیتییەکانی کراوە لە سەرچاوە کوردی و فارسییەکاندا. پەیوەندی بابا تاهیر و ئایینی یارسان سەرە بابەتێکی تری توێژینەوەکەیە و تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ناوبراو وەك فریشتەی چوارەمی بابا خۆشین هەژمار دەکرێت و یارسانەکان باوەڕیان بەوەیە کە چەندین موعجیزەی نواندووە و هەروەها دووبەیتییەکانی دوو مانا و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە یەکێکیان سادەیە و ئەوی دیکەیان تایبەتە و تەنها یارسانەکان تێی دەگەن و زۆر نهێنییە. تەوەرێکی تری باسەکە دەربارەی ژمارەی دووبەیتییەکان و زمان و بنیاتی فۆرمەکە و کێشە تایبەتییەکەی و خاوەنداری دووبەیتییەکانە کە گومانێکی زۆر دەکرێت بە تێکەل بوونی دووبەیتییەکانی کەسانی تر بە دووبەیتییەکانی بابا تاهیر و بە بۆچوونی.

دوا تەوەری توێژینەوەکە دەربارەی یەکیەتی بوونە وەك ڕێبازێکی فەلسەفی عیرفانی کە داکۆکی لەسەر یەکتایی خودا و گەردون دەکات و لە چەند ڕوانگەیەکەوە پێناسەی بۆ کراوە. هەروەها ئەمە خراوەتە ڕوو کە بابا تاهیر بە یەکەمین کەس دەژمێردرێت کە تیۆری یەکیەتی بوونی بە نموونەوە خستۆتە ناو هەندێك لە دووبەیتییەکانی و بۆ جێ بە جێکردنی تیۆرەکە و ڕونکردنەوەی زیاتر چوار دووبەیتی بە نموونە و شیکردنەوە باسکراوە کە چۆن بابا تاهیر خاوەن دید و تێروانینێکی تایبەت بووە سەبارەت بە تیۆرەکە و ئەگەر لە بنچینەدا تیۆرەکە باس لە یەکتایی و یەکگرتنی خودا و گەردون دەکات، بەڵام بابا تاهیر باس لە یەکگرتنی یار(مرۆڤ) و سروشت و خوا دەکات. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە ئەنجامەکەی بە کورتی لە شەش خاڵدا خراوەتە ڕوو.

## بابا طاهر الهمداني و وحدة الوجود في رباعياته

م.د. سالار عزيز محمود
اربيل / جامعة صلاح الدين / كلية التربية الاساسية

**الملخص:**

يتناول هذا البحث الشاعر بابا طاهر الهمداني الذى ما يزال شخصيته مثيرة للجدل، حيث نجد ان الكثير ممن يثير من الاحداث والمفارقات حول شخصيته و حياته تتسم بالمبالغة. كما يتناول البحث حول تسمية الشاعر ولقبه الشعرى فى المصادر الكردية و الفارسية. فالبحث فى جزئه الآخر يبين العلاقة الوثيقة بين الشاعر وديانة (يارسان) التي تعتبر ديانة قديمة ومتأثرة بالاديان الزرادشتية و المسيحية و اليهودية والاسلاميه و تؤمن بالتقمص و التناسخ الروحى. وتناول البحث تعريف و شرح وافي لمصطلح وحدة الوجود فى الفلسفه اليونانية و المسيحية. ثم تطبق هذه النظرية الفلسفية العرفانية من خلال اربعة من رباعياته حيث يتبين بان هده الفلسفة لدى الشاعر تختلف قليلا عن الاخرين الذين لديهم ذات التوجه. وفى الختام استخلصت اهم النتائج فى عدة نقاط وباختصار.

**Baba Taheer Hemdany And Pantheism In His Double Distiches**

**Lecturer**
**Dr. Salar Aziz Mahmoud**
**Erbil /Salahaddin University- College of Basic Education**

## Abstract:

This research, which is prepared under the title Baba TaheerHemdany and pantheism in his double distiches is a literary & philosophical annalistically research. The study also explains his personality which is full of discussion and till now there are many problems to know his personality. One part of the study consists a strong relation between the poet and (Yarsan) religion which is beliefs in *Transmigration of souls* and effectuation of zeradushtra, Christian and Jewish. In the other hand there is minuteness by Iranian and Kurdish critics about his pout and his ethnic. At the end of thesis a number of conclusions are drawn which have pointed out by the researcher. the research ends with a list of the Bibliography that have been utilized in its preparation.

## کەسایەتییە ئەفسانە ئامێزەکەی:

بابا تاهیری هەمەدانی(٩٣٧- ١٠١٠م) یەکێك بووە لە کەسایەتییە هەرە پر نهێنییەکانی رۆژهەڵات چ لە سەردەمی خۆی و چ لە دوای خۆشیدا. ئاماژە و زانیارییە بە دەست هاتووەکانی ناو سەرچاوە جۆراوجۆرەکان بەو ئاراستەیەن کە وابە زوویی و ئاسانی پەردە لەسەر هەموو نهێنییەکانی هەڵنادرێتەوە. دوور نییە دوو کەس بەو ناوە هەبووبن، هەروەك لە فیستیڤاڵی سلێمانی لێکۆڵەرێك ئاماژەی بۆ کردبوو. دیسان د. محمد نوری عارفیش ئاماژە بە فەرەیدون ناوێك دەکات کە رەنگە هەندێك لە دوو بەیتییەکان هی ئەو بووبێ و ئەو باوکی بابا تاهیر یان کوڕی بووبێ[١].

لە رۆژهەڵات کەسانێك هەن لەبەر هۆکاری ئایینی بە شێوەیەکی رادە بەدەر خۆشەویست دەبن و لە لایەن چینەکانی کۆمەڵەوە دەکرێنە سوپەرمان (پیاوی بان باڵا). ئەم نموونانەی خوارەوە دەربارەی بابا تاهیر گوتراون و بە هیچ جۆرێ لەگەل بنەما سەرەتاییەکانی زانست و ئەقڵ یەکناگرێتەوە و بگرە مایەی پێکەنینیشە:

١- کۆنترین سەرچاوە کە ئاماژەی بۆ بابا تاهیر کردبێ (راوەندی) یيە کە لە (راحة الصدور و آية السرور) دا دەڵێ:

(( بیستم کاتێ کە سوڵتان طوغرول بێگ هاتە هەمەدان، سێ وەلی هەبوون، بابا تاهیر و بابا جەعفەر و شێخ حەمشا(یا حەمشاد). چیایەکی بچووك لە دەروازەی هەمەدان هەیە پێی دەڵێن خضر ئەوان لەسەر ئەو چیایە وەستابوون و سوڵتانیش چاوی پێکەوتن. کاروانی لەشکر وەستاو لەگەڵ وەزیر ئەبو نەصری کۆندەری هاتە لایان و دەستیانی ماچ کرد. بابا تاهیر هەندێك لە پەشۆکاوی پێوە دیار بوو و پێی گوت: ئەی تورك لەگەڵ خەڵکی خودا چی دەکەی؟ سوڵتان گوتی ئەوەی تۆ بفەرموی! بابا گوتی ئەوە بکە کە خودا لە ئایەتدا دەفەرموێ: ان الله يآمر بالعدل و الاحسان. سوڵتان گریا و گوتی

وا دەکەم. بابا دەستی گرت و گوتی لە منت قبول کرد؟ گوتی بەڵێ. بابا سەری ئەو ئافتاوە شکاوەی کە سالآنێك بوو دەستنوێژی پی دەشوشت لە ئەنگوستیدا بوو، دەرکرد و لە ئەنگوستی سوڵتانی کرد و گوتی مەملەکەتی جیهانم بەم جۆرە لە دەست کردی و دادگەر بە. سوڵتان بەردەوام لە کاتی دوعا و نیایشکردندا پێی بوو و لە کاتی جەنگدا لە پەنجەی دەکرد. باوەڕی پاك و بێ گەردی بڕواکەی بەم جۆرە بوو)) [٢].

ئەم حیکایەتە لە چەند روویەکەوە پرسیار دروست دەکا ئایا بابا تاهیر هەمان بابا تاهیری ناسراو بە هەمەدانییە یا کەسێکی دیکەیە؟ ئایا ئەم بابا تاهیرە موسڵمان بووە یا یارسان؟ بۆچی راوەندی هیچ ئاماژەیەکی بۆ دووبەیتییەکانی نەکردووە، بەڵام ئاماژەی بۆ کەسێك کردووە بە ناوی نەجمەدینی دووبەیتی کە لە ناوچەی هەمەدان خەریکی کۆکردنەوەی (تەرانە) دووبەیتییەکان بووە؟ وەڵامی دروست سەختە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی زیاتر دەربارەی ژیان و سەردەمی بابا تاهیر.

٢- ((لە هەمووی سەیرتر ئەفسانەی چل جار خۆنقووم کردنیەتی لە ئاوی شەختە بەستووی وەرزی زستاندا و دواتر ئاگادار بوونی لە عیلمی لەدونی و گوتنی رستەی: امسیت کردیا و اصبحت عربیا)) [٣].

عەلائەدین سەججادی دەڵێ: (( لە بەیانی رۆژێکی تۆفدا کە سەر لەسەر سەرینی نووستویەتی بەرز ئەکاتەوە تەماشا ئەکا نووری مەعریفەتی خوا هەموو دەمارەکانی ئەبزوێنی، لە هەموو دەریایەکی خواناسیدا مەلەوانێکی بین درێژە، ئەڵێ: بە نەزانی نووستم بە زانایی هەستام )) [٤]. سەججادی نەیویستووە ئاماژە بۆ راستی گوتەکە بکات کە دەڵێ: (ئێوارە کورد بووم و بەیانییەکەی بووم بە عەرەب). ئەم گوتەیە هەر بۆ بابا تاهیر بەکار نەهاتووە، بەڵکو بۆ مەولانا جەلالەدینی رۆمیش بەکارهاتووە. (جامی) کە شاعیرێکی ئێرانییە و بەرهەمەکانی بە فارسی نووسیوە، لە کتێبی (نفحات الانس) دا لە پێناسینی ئەبو عەبدوڵا ناسراو بە بابونی دەڵێ: (( گوتویانە کە ئەو بووە گوتویەتی امسیت کردیا و اصبحت عربیا. ئەو یەکێ بووە لە کوردان)) [٥].

٣- دەربارەی کێشە و بابەتەکانی ئەستێرە ناسی پرسیاریان لێ دەکرد یەکسەر بە کێشانی چەند شکلێك بە پەنجەکانی لە سەر خاك وەڵامی دەدایەوە .

٤- ئەوەندە خاوەن عیشقێکی گەرم و هەڵایساو بوو کاتێ کە ئاگری وەجدوحاڵی لە دڵدا بڵێسەی دەگرت دەچووە کێوی ئەلوەند و لەشی دەگەیشتە پلەیەکی گەرمی وا کە تا نزیکەی ( ٢٠) متر بەفری دەتواندەوە.

## ناو و نازناوەکەی لە سەرچاوە کوردی و فارسییەکاندا:

لە سەرچاوە کوردییەکاندا شاعیر بە بابە یا بابا هاتووە. بەڵام لە سەرچاوە فارسییەکاندا هەر بە بابا هاتووە. بابا پلەوپایەکی بەرزی ئایینی یارسانە و وشەی ئینگلیزی (**PAPA**)ش هەر لەو وشەیە هاتووە و پلەو پایەی هەرە بەرزی سەرۆکی مەسیحییە کاتۆلیکەکانە  کە بنکە سەرەکیەکەیان لە ڤاتیکانە. بابا  بە مانای باوك دێت و   لە هەندیك ناوچەی کوردستان کراوەتە (باوە). بابا هەر پلە و پایەی ئایینی بابا تاهیر نەبووە، بگرە (١٠ ) کەسی دیکە هەڵگری ئەو پلەو پایە ئاینییە بونە و ئاماژە

بۆ ناوەكانیان كراوە وەك لە خوارەوە نیشان دراون و هەمووشیان دووبەیتییان گوتووە و لە كتێبی (سەرئەنجام)دا نووسراون: ( بابا لوڕەی كوردستانی، بابا ڕەجەبی لوڕستانی، بابا حاتەمی لوڕستانی، بابا نجومی لوڕستانی، بابا سەرهەنگی دەودانی، بابا قەیسەری هەورامی، بابا سرنجی كەلاتی، بابا گەرچەكی هەورامی، بابا بوزورگی لوڕستانی، بابا ناووسی جاف)[٦].

ناوی شاعیر لە سەرچاوە كوردییەكاندا بە شێوەی تایەر یا تاهیر هاتووە، بەڵام لە سەرچاوە فارسییەكان هەر بە (طاهر) ناوی هاتووە، بەم شێوانە: بابا طاهر همدانی، بابا طاهر عریان، بابا طاهر عریان همدانی، بابا طاهر لر همدانی.

نازناوەكانی هەمەدانی یا عوریان یا لوڕ زیاتر لەلایەن ئەو كەسانە بەكارهاتووە كە باسی شاعیر و دووبەیتییەكانیان كردووە، ئەگینا لە لایەن خۆیەوە بەكارنەهاتووە. ئەو شاعیری وەك پیشە و كار بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە، بەڵكو پێگە ئایینییەكەی لە ناو پەیڕەوانیدا وای كردووە وەك پیاوێكی گەورەی ئایینی دووبەیتییەكانی وەك هۆكارێك بۆ كاریگەری و ڕازیكردن و گەیاندنی پەیامەكانی بەكاربهێنێ. بە تایبەتی كاتێك لە كۆڕ و ئەنجومەنەكاندا لەگەڵ ئاواز و ئامێرە مۆسیقییەكاندا كراونەتە گۆرانی.

## بیرو بۆچون دەربارەی ئەوەی كە یەكەم شاعیری كوردە:

زۆربەی هەرە زۆری مێژوونوسانی ئەدەب و ڕەخنەگرانی كورد بابا تاهیر بە یەكەم شاعیری كورد دەزانن كە شیعری گوتبێت و تۆماركرابێت، بۆیە بە چاوێكی بەرزەوە تەماشای دەكەن. ئەمە لە كاتێكدایە كە بۆ تێگەیشتنی دروست لە دوو بەیتییەكانی پێویستی بە وەرگێڕان هەیە و چەندین وەرگێڕانی دوو بەیتییەكانی لەبەردەست دان، وەك: ئەحمەد تاقانە[٧] و دڵزار[٨]. لە كاتێكدا تێگەیشتنی دووبەتییەكانی بۆ كەسێكی فارسی زمان ئاسانترە لە هی كوردێك و ئەوپەڕی لە كۆتایی دوو بەیتییەكاندا واتای (١٠٠) وشەیەك لێكدراوەتەوە كە بۆ فارسی زمانێك نائاشنا دێنە بەرچاو.

ڕەخنەگران و مێژوونوسانی ئێرانی بابا تاهیر وەك شاعیرێكی ئێرانی یا لوڕ یا لەك دەناسێنن. ڕۆژهەڵاتناسانیش هەروەك پیاوێكی ئایینی یارسانی ئێرانی دەیناسێنن.

دەربارەی ئەوەی سەر بە كام گروپی ئایینی و قەومیەتە، هەر لایەك دەیەوێ بۆلای خۆی ڕایكێشیت. بۆ نمونە زۆربەی مێژوونوسانی ئەدەبیاتی كوردی بە كوردی دادەنێن. وەك عەلائەدین سەججادی كە بابا تاهیر بە شاعیرێكی كوردی سەدەی سێزدەهەمی هیجری دادەنێت[٩]. د. مارف خەزنەداریش بە یەكەم شاعیری كوردی دادەنێت و دەڵێ: ((سەردەستەی شاعیرانی كورد بابا تاهیری هەمەدانی لەگەڵ نموونەی داهێنانی بەرز دووبەیتەكانی لاپەڕەی زێڕینیان لە مێژووی ئەدەبی كوردی كلاسیكیدا تەرخان كردووە. بابا تاهیر بە كوردی ژیاوە و بە كوردی بیری كردۆتەوە، باوەڕی بە ئایینێك(یارسان) بووە زمانی كوردی زمانی لاهووتی و پیرۆزی ئەو ئایینە بووە. سرودەكانی باباتاهیر بە شێوە و ڕوخسار بە زمانی كوردین، بەڵام بە ناوەڕۆك ڕەنگدانەوەی هەست و نەستی هەموو مرۆڤایەتین و لە قالبی سۆفیزمی كۆزمۆسی دا خۆیان دەنوێنن))[١٠]. هەروەها سەفی زادەش بە هەمان شێوە دەڵێ: (( بابە تایەری هەمەدانی كە یەكێ لە هۆنەرە گەورەكانی كورد دێتە ژمار، بە پێی ئەو بەڵگانەی كە لە دەستدایە لە سەدەی پێنجەمی كۆچیدا ژیاوە))[١١].

ئەو سێ بیروبۆچونەی باسکران نمونەی بە کورد زانینی بابە تاهیر و دوو بەیتییەکانیەتی و زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەران و مێژووناسانی ئەدەب و رەخنەگرانی کورد هەر هەمان بیر و بۆچوونیان هەیە. دوورر نییە ئەم بڕیار دانە لە ئەنجامی دەربڕینی هەست و سۆزێکی نەتەواییەتییەوە بوو بێت. بیروبۆچوونێکی دی هەیە بابا تاهیری هەمەدانیان بە مەرجی موسڵمان بوون و سوننە بوون دەوێت و هەموو هەوڵ و تەقەللایان بۆ ئەوەیە کە ئەوەی خۆیان دەیانەوێ بیسەلمێنن، ئەگینا قەبولیان نییە"[١٢]. ئەمەش لە بیرو باوەڕێکی وشکی ئایینزاییەوە سەرچاوەی گرتووە و بایەخێکی ئەوتۆی زانستی نییە. بیروبۆچوونێکی تازەی تر هەیە کە رێك پێچەوانەی ئەوەی پێشووەو دوور لە سۆز و هەستی نەتەوایەتی و بە بەڵگەی زانستی و واقیعی خراوەتە روو و پێی وایە کە (( وشەکانی بابا تاهیر لە روباعیەکانی دا بەکاریهێناون زۆری لە کوردی ناچن. ئەوانەیشی کە لە کوردی ئەچن یا نزیکن لە کوردیەوە ئەوانەن کە هاوبەشن لەگەڵ زمانی فارسی. جگە لەمانە گۆڕینی سەرچاوەکانی وشە بۆ کردار، لەگەڵ رێزمانی هیچ کام لە لەهجەکانی کوردی ناگونجێن. تەنانەت ئەگەر بابا تاهیر ساخ بوەوە کوردە و چوارینەکانیشی هەموی کوردی بن هێشتا گرنگیەکی ئەوتۆی بۆ ئەدەبی کوردی نیە چونکە:

یەکەم، دابڕانێکی درێژوقوڵ لە نێوان ئەو و شاعیرانی دوای ئەودا هەیەو،

دوەم، هیچ کاریگەریەکی بابا تاهیر لە سەردەمی خۆی و لە سەردەمی دوای ئەویش دا لە ئەدەبی یارسان و لە ئەدەبی گۆران دا بەدی ناکرێ))[١٣].

بۆچوونێکی تر بابا تاهیر بە سەردەستەی یەکەمی شاعیرانی رۆژهەڵات دادەنێت کە چوارینەی داهێنابێت و شارەزایی لە لەکی گۆرانی و فارسیدا هەبێت و بەو هۆیەوە کارە شیعریەکانی لای کۆمەڵانی خەڵکی هەردوو زمانەکە زۆر بە نرخ وچێژ کردبێت[١٤].

یارسانەکان کە بەشێکی زۆریان وەك کورد تەماشا دەکرێن، بابا تاهیر بە هی خۆیان دادەنێن. لوڕەکانیش بابا تاهیر بە لوڕ دەزانن. دەکرێت لوڕەکان لە سێ بەشدا پۆلێن بکرێن: ئەوانەی خۆیان بە کورد دادەنێن یان بە فارس، ئەوانەی خۆیان نە بە کورد و نە بە فارس دانانێن، بەڵکو خۆیان بە لوڕ دادەنێن. واتە خۆیان هەم لە کورد و هەم لە فارس جودا کردۆتەوە. بابا تاهیر هەر رێبەرو کەسایتییەکی ئایینی نەبووە، بەڵکو وەك قەدیسێك و پیاوچاکێکیش ناسرابووە. بابا تاهیر بە جیهانبینییەکەی خۆی زیاتر وەك کەسێکی جیهانی دەردەکەوێت کە سنورەکانی قەومیەت و ئایینەکانی تێپەڕاندبێت. دەبێ ئەوەش بزانین کە بابا تاهیر لە سەردەمێکدا ژیاوە کە ناوچەکە کەوتبووە بەر شاڵاوی لەشکرکێشیەکی وێرانگەر بۆ داگیرکاری و سەپاندنی ئایینێکی نوێ کە لەگەڵ بیرو ژیانی خەڵکەکەی نائاشنا بوو. خەڵك توشی شۆك ببوون لەوەی کە روویدابوو. خەڵك بۆ ماوەی دوو سەدە خامۆشییەك باڵی کێشابووە سەر هەموو بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و جڤاکی. ئینجا بەرە بەرە جارێکی تر گوتنی شیعر بە زمان و دیالێکتە خۆجێیەکان سەری هەڵداو و خەڵك بە پەرۆش بوون بۆ بیستنی و لەبەرکردنی. ئەوەی دەربارەی هەستی نەتەوایەتییە خەڵك لەو سەردەمە بیرکردنەوەیان زۆر جیاواز بووە لەگەڵ ئێستامان، هەر وەك چۆن بیرکردنەوەی گەلانی جیهانیش بۆ هەستی

نەتەوەیی پاش هەزار ساڵی دی گۆڕانی ڕەگ وریشەیی بەسەردا دێت. هەر دەربارەی بابا تاهیر بیروبۆچوونێکی سەرنج ڕاکێشی ڕۆژهەڵاتناس (ژووکۆفسکی) هەیە، کە پێی وایە (( لەپاش تاقی کردنەوەی پراکتیکی گەیشتۆتە ئەوەی کە گەلێ لە نەتەوە ئێرانی نەژادەکان بابا تاهیر بە شاعیری نەتەوەی خۆیان دادەنێن، چونکە هەر کەسە بە دیالێکتی خۆی دەیخوێنێتەوە))[١٥].

## بابا تاهیر و ئایینی یارسان:

پەیڕەوانی ئایینی یارسان بابا تاهیر بە فریشتەی چوارەمی ( شاخوەشین ٤٠٦- ٤٦٧ ك) ڕێبەری یارسانەکان دەزانن. چیرۆکی دیداری شاخوەشین و بابا تاهیر لە دید و باوەڕی یارسانەکاندا پڕ لە موعجیزە بووە؛ بەهۆی میوانداری کردنی بابا تاهیر لە شاخوەشین و پەیڕەوانی لە خانەقاکەیدا و نانخواردنیان، کاتێ کە خواردنەکەش تەنها بەشی دوو کەسی دەکرد. ئینجا ڕەتکردنەوەی پارە و سامان لە لایەن بابا تاهیر و لە دواییشدا بەیەك گەیشتن و هاوسەرگیری فاتمە لوڕە و بابا تاهیر چیرۆکێکی تری پەیوەندی بە یارسانەکانەوە هەیە[١٦]. لە حیکایەتەکەدا دەردەکەوێت کە بابا تاهیر و فاتمە لار یا فاتنە لیرە دڵخوازی یەکتر بوونە و دواتر بە هۆی داوای (خوەشین)ەوە هاوسەرگیریان کردووە و گۆڕی هەردووکیان لە هەمەدانە.

بەشێك لە دووبەیتییەکانی بابا تاهیر لە کتێبی (سەرئەنجام) دا هەیە کە لای یارسانەکان پیرۆزە. هەروەها ناوەڕۆکی بەشێك لە دوو بەیتییەکان (پەیوەندییەکی پتەویان بە ئایینی یارسان هەیە کە لەسەر بنچینەی دۆنادۆن دامەزراوە و پەیڕەوانی ئەم ئایینە دووبەیتییەکانیان لەبەرە و بە سرود دەیڵێن و بەلایانەوە کەس لە نهێنییەکانیان ناگا)[١٧]. هەروەها ئەوان پێیان وایە کە دوو بەیتییەکان مانایەکی ڕواڵەتی و مانایەکی نهێنییان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی بەشێك لە دووبەیتییەکانی بابا تاهیر دەچێتە ناو خانەی (ئەدەبیاتی عیرفانی)ییەوە. لە شاکارێکی تری یارسانەکان کە (شانامەی حەقیقەت) ی پێ دەڵێن، هەروەك سەرئەنجام جێگەیەکی دیاری بۆ بابا تاهیر تەرخان کردووە و بە ڕێبەرێکی ئەو ئایینەی زانیوە[١٨].

## ژمارەی دوو بەیتییەکانی و خاوەندارییان:

دووبەیتی بریتییە لە چوار نیوە دێرە شیعر. بە زۆری نیوە دێری یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروا دەبن و هەندێك جاریش هەر چوار دێرەکە هاوسەروان و لەسەر کێشی پەنجەیین. جیاوازی دووبەیتی لەگەڵ چوارین لە کێشەکەیدایە. هەرچی چوارینە لەسەر کێشی( لا حول و لا قوە الابالله) یە[١٩].

گومانی تێدا نییە ئەو دووبەیتییانەی بابا تاهیر کە ئێستا لەبەر دەستمانە هی کەسانی تریشە و بە ناوی ئەوەوە بڵاو کراونەتەوە. بەشێکی زۆری دوو بەیتییەکانیشی لەبەرهۆکاری دەسکاریی و نەبوونی چاپخانە و بڵاوکردنەوە و ڕێژەی زۆر نزمی کەسانی خوێندەوار لەناو چوونە. بە هەمان شێوە تەم و مژی و ناڕوونی و خاوەندارییەتی لە دووبەیتییەکانیشدا هەیە. ئەمەش لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسە فارس و کوردەکانەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

ژمارەی ئەو دوو بەیتییانەی لە لایەن ئێرانناسە ڕۆژاواییەکانەوە کۆکراوەتەوە نزیکەی(٨٠) دوو بەیتیین. دواتر ژمارەکە گەیشتۆتە زیاتر لە (٣٠٠) دووبەیتی. گومانی تێدا نییە ئەم هەموو دووبەیتییە لە لایەن کەسانێکی گومناوەوە دروست کراون و خراینە پاڵ دوو بەیتییەکانی بابا تاهیری هەمەدانی. ئەمەی بەسەر دووبەیتییەکاندا هاتووە، هەمان شت بەسەر چوارینەکانی (عومەر خەیام) دا هاتوووە، ژمارەی چوارینەکانی خەیام پاش لێکۆڵینەوەیەکی وردی زمانناسی و زانستی لەسەر بیر و فەلسەفەی خەیام، چوارینە دروستە ڕاستییەکانی خەیام تەنها (١٧) چوارینە. ئەوانی دی هەمووی بە ناوی ئەوەوە دروست کراون[20]. بە بۆچوونی نوسەری ئەم توێژینەوەیە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی واش بۆ دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر بکرێت، ژمارەی دووبەیتییە ڕاستەکانی بابا تاهیر لە نێوان ( ٣٠ —٤٠) دوو بەیتی زیاتر نابێت.

کۆنترین دووبەیتییەکانی لە دەستنوسێکی موزەی قۆنیا بە ژمارەی(٢٥٤٦) ی ساڵی ( ٨٤٨) کۆچی مانگی دۆزراوەتەوە کە نوسەرەکەی بابا تاهیر بە (قدوه العارفین) واتە پێشەنگی عارفەکان ناو دەبات[21]. ئەو دووبەیتییانەی لەشاری (قۆنیا) دۆزراونەتەوە دوور بوونە لە دەسکاری و بە هی بابا تاهیرلە قەلەم دراون.

دووبەیتییەکان لە لایەن ڕەخنەگرە کۆنە ئێرانییەکان (ئەورامەن) کە ئێستا ناوەکە گۆڕاوە و بۆتە (هەورامان)، هەروەها پەهلەویات و تەرانەی پێ گوتراوە. جگە لەوانە دوو بەیتی ناوی جۆراوجۆری هەیە. وەك: دوو بەیتو، چوارخانە، چوارلایی، بەیت، فیراقی و عاشقی و دەیان ناوی دی[22].

فۆرمی (قالب) شیعری دووبەیتی فۆرمێکی شیعری میللی بووە و نەك هەر خەڵکی ئاسایی، بەڵکو لە لایەن کەسانی زانا و عارف و سۆفییەکانیش پەسەند کراوە و بەو هۆیەوە توانراوە شاعیران بە زمان و دیالێکتی قەومی خۆیان بیر و ئەندێشەی خۆیان بە خەڵك بگەیەنن. بە تایبەتی کە هێشتا زمانی فارسی وەك زمانێکی ئەدەبی و ڕەسمی بەهێز بۆ هەموو ئێرانییەکان خۆی نەنواندبوو.

دەربارەی زمانی دووبەیتییەکان لە (دائرە المعارف)دا نووسراوە کە بە لەهجەی ڕاجی (ڕازی) یا زمانی جولەکەکانی هەمەدان بووە. ئەو لەهجەیە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری هەمەدان قسەیان پێکردووە. ((ئۆسکارمان لەهجەی ڕاجی و لەهجەکانی دیکەی ناوەندی ئێران بەدرێژکراوەی زمانی میدییەکان دەزانێ و وشەی ڕاجیشی وا وێناکردووە کە لە ناوی پایتەختی دێرینی میدییەکانەوە وەرگیرابێ))[23].

کێشی دوو بەیتییەکان لەسەر بنچینەی کێشەکانی عەروزی عەرەبی نییە، بەڵکو لەسەر بنچیینەی کێشەکانی شیعری کۆنی پەهلەوی سەردەمی ساسانییەکانە. واتە برگەیی (پەنجەیی)یەو بە کێشەکانی عەروزی عەرەبی ناپێورێ، بۆیە لە کاتی بڕگەکردندا ناهاوسەنگ دەردەکەوێت. دوو بەیتییەکان تایبەتمەندی شیعری میللیان تێدایە.

ناوەڕۆکی دووبەیتییەکان ڕەگەزەکانی سروشت- کێو و بیابان و گوڵ و گیا- ،هەست وسۆزی ناسك، دەروێشی و قەلەندەری، غەمی نامۆیی، دەردی دڵتەنگی، حەسرەتی بەیەك گەیشتن، سکاڵا لە ناپەیداری و بێ وەفایی، دڵداری و وەفاداری بە پەیمان و عیشقی ئەفلاتونی دەگرێتەوە[24].

دووبەیتییەکانی بابا تاهیر لەگەڵ دووبەیتییەکانی شاعیرێکی تر بە ناوی (فەرەیدون) کە لە کوردانی فارسە تێکەڵ کراوە[٢٥]. د. مارف خەزنەدار: زمانی دووبەیتییەکانی بابا تاهیر بە زمانێکی لوڕی ناوچەی تێکەڵاو دەزانێ[٢٦].

دوو بەیتییەکان بە زمانی سادەی خەڵکی نووسراوە و دەکرێت بە بەرهەمێکی میللی دابنرێت. کێشەکەی کێشی بڕگەییە کە کێشێکی رەسەنی کوردییە. ئەمەش وای لە (شمس رازی) کردووە باش سەری لێ دەرنەچێ. ئەو دوو بەیتییانەی بە کێشی عەروزی برگە دەکرێت، دەسکاری کراون یا هی بابا تاهیر نین. زۆربەی دووبەیتییەکان کەش و هەوای زمانی فارسیان لەسەرە بەهۆی ئەو دەسکاری و گۆرانکاریانەی بە درێژایی مێژوو کراون. هەروەها لەبەر تۆمار نەکردنیان و نائاشنایی هەندێك لە وشەکان و جیاوازی کێشەکەی.

لەم میانەدا بارودۆخی دووبەیتییەکانی بابا تاهیر روبەڕوی ئاڵۆزییەکی تایبەت بۆتەوە. لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو ئەنجام نەدراوە لە ناسینەوەی لەهجەی دووبەیتییەکان. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەندێك لە دووبەیتیەکاندا وشەگەلێکی دیالێکتە کوردییە جیاوازەکان دەبینین[٢٧].

دووبەیتییەکان یەك بیروبۆچوون لەسەری نییە کە بە چ زمانێك یا بە چ لەهجەیەك نوسرابێت. هەندێك پێیان وایە بە لەهجەکانی لوڕی، هەمەدانی، رازی، کوردی و لەکی نووسراون[٢٨]. لە راستیدا هەر دووبەیتییەك دەبێ لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی بکرێت لە روی زمانناسی و دیالێکت ناسی و کێش و بیر و ناوەڕۆکەوە. بڕیاردان لەسەر هەموویان وەك یەکەیەك دروست نییە، چونکە هەروەك گوترا بەهۆی نەنوسینەوە و تۆمارنەکردنیان و دەسکاری و تێکەڵ بوونی دەیان دووبەیتی شاعیرانی دیکە ئەوەندەی دی کاری لێکۆڵینەوەی سەختتر کردووە. جگە لە دووبەیتییەکان ئەو بەرهەمە گوماناویانەی دراونەتە پاڵ بابا تاهیرئەمانەن:

١- کۆمەڵە وشەیەکی کورت بە ناوی( اشارات) یا (کلمات قصار) بە زمانی عەرەبیە و گوایا (عین القضات همدانی) شەرحی کردووە.

٢- (٢١) نامە دەدرێتە پاڵ ئەو کە هیچ زانیارییەك دەربارەی ئەو نامانە لەبەردەست دا نییە.[٢٩]

## بایەخدان بە بابا تاهیری هەمەدانی:

بایەخدانی وڵاتی ئێران بە بابا تاهیر لەبەرچاوە و خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەموو ساڵێك چەندین چاپی دووبەیتییەکانی بابا تاهیر بە جوانترین دیزاین و هۆکارە هونەرییە سەرنج راکێشەکان دەخرێنە بازارەوە و هەمیشە خوێنەر و کڕیاری خۆی هەیە. ئێرانییەکان دووبەیتییەکانی بابا تاهیر(( بە تابلۆ و وێنەی رەنگاورەنگی میناتووری و گۆڕینی بۆ زمانە گەورەو پێشکەوتووەکانی تری گیتی))[٣٠] دەرازێننەوە. هەروەها هەموو ساڵێك چەندین توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکانی بۆ دەکرێت. لە باشووری کوردستانیش لەم دواییەدا هەوڵ بۆ ئەم ئاراستەیە دەدرێت کە بایەخ بە بابا تاهیر بدرێت. بۆ نموونە گۆڤاری رۆڤار ژمارەیەکی تایبەتی بۆ شاعیر تەرخان کردووە[٣١]. هەروها لە سلێمانی فیستیڤاڵێکی تایبەت بۆ بابا تاهیر سازکراو و لە چەندین وڵاتەوە توێژەران تێیدا بەشدار

بوون و لێكۆڵینەوەكانی خۆیان پێشكەش كرد. پێویستە ئەوەش بگوترێت كە لە لایەن شاعیرانی كوردی وەك دلزار[٣٢]، رازی[٣٣]، ئەحمەد تاقانە[٣٤] و هی دیكەش دووبەیتیەكان كراون بە دیالێكتەكانی زمانی كوردی و بڵاوكراونەتەوە. بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە كە لە بەرنامەو پرۆگرامەكانی خوێندندا كەمترین بایەخی پێدراوە و تەنها (١٤) دێر بۆ ژیان و باسكردنی دوو بەیتییەكانی تەرخان كراوەو یەك دووبەیتیش بە نمونە هێنراوەتەوە[٣٥].

## یەكیەتی بوون (یەكتایی هەستی) Pantheism:

یەكیەتی بوون رێبازێكی فەلسەفی عیرفانییە و داكۆكی لەسەر یەكتایی خودا و گەردون دەكات. وا دیارە زاراوەكە J. Tolen لە ساڵی (١٧٠٥م) دایناوە. عارفەكان لە سروشتدا لە گەڕانی بەردەوامن بە دوای خوادا و خوازیاری یەكگرتنن لەگەڵیدا[٣٦]. هەروەها یەكیەتی بوون بریتییە لە روانینی عارفەكان بۆ وجود وەك یەكەیەكی پێكەوە بەستراو و یەك پارچە. ئەو وجودەش هەمان وجودی خواییە و جگە لەو هەر شتێكی دی كە هەیە دەركەوتە و تەجەلیاتەكانی ئەون. واتە خودا هەموو شتێكە و هەموو شتێك خودایە. دەكرێت بگوترێت كە یەكیەتی بوون ئەوە دەگەیەنێت كە بوونی خودا بوونێكی موتڵەقە و هەموو بووەكان و مەخلوقاتی دیش لە گەردووندا رەنگدانەوەی ئەو بووە خالیقەن.

فیتاگۆرس پێی وایە كە یەكیەتیەك و هاوبەشییەك لە نێوان ئێمە و هەر شتێكی دیكە و خوداياندا هەیە. لە ئەدەبیاتی رۆژاوایی و ئایینی مەسیحیدا (Pantheism) بەرنامەیەكی عیرفانییە بۆ ئەنتۆلۆجی(بوونناسی).

بابا تاهیر بە یەكەمینی ئەو كەسانە دەژمێردرێن كە تیۆری (یەكیەتی بوون)ی بە وێنەی شیعری هێنابێتە ناو شیعروئەدەبەوە. عارفەكان بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستەكانیان لە یەكتایی هەستی و بۆ نیشاندانی تیۆرەكە و بۆ خۆپاراستنیشیان لەوەی كە بە كافر و زەندیق وەسف بكرێن پەنایان بۆ چەندین نمونە بردووە كە لە ژیاندا دەبینرێن.( وەك: دڵۆپە ئاو و دەریا، ئاوێنە و وێنە لە ئاوێنەدا، نور و شووشە، یەك و ژمارەكان، ئەلف و پیتەكان و سێبەر و كەس)[٣٧].

## جێبەجێكردنی تیۆری یەكیەتی بوون لەسەر هەندێك لە دووبەیتییەكانی:

بە گشتی(( بابا تاهیر لە شیعریدا خەریكی یەكیەتی بوونە و لە دوای دەگەڕێ. لە رێگە تووشی شەوق و وەجدو قەلەق وعەدەم دەبێ. بابا تاهیر لە هەموو شتێكدا جوانی دەبینێ))[٣٨]. ئەو هیچ جیاوازیەك لە نێوان گوڵ و جوانی كیژ و كردگار(خودا) دا نابینێ، چونكە لە نێوانیاندا یەكیەتیەك دروست دەكات، ئەویش یەكیەتی بوونە.

دەكرێت تایتڵی عیشق و عیرفان لە چەمكی یەكیەتی بووندا بۆ هەندێك لە دوو بەیتییەكاندا دابنێین. ئەو عیشقە عیشقێكی عیرفانی و خودایییە. كاتێ كە دەڵێ:

بە سەحرا بنگەرم صحرا تە وینەم      بە دریا بنگەرم دەریا تە وینەم
بە هەر جا بنگەرەم كوە و دەر و دەشت      نیشان ئەز قامەتی رەعنا تە وینەم

بابا تاهیری هەمەدانی لەم دوو بەیتییەدا خەریکی (یەکیەتی بوون) یا (وحده الوجود) وە لە هەموو شتێکدا جوانی خوا دەبینێ و یەکیەتییەك دروست دەکات لە نێوان مرۆڤ و سروشت و خودا، بەمەش گەیشتۆتە دوا پلەی عیرفان. بوونی دلبەر لە هەموو شوێنێکدا و بوونی بابا تاهیریش بووە بە بەشێ لەو بوونە.

هەندێك جار هەوڵ دراوە ئەوەی پەیوەندی بەدوو بەیتییەکان و یەکیەتی بوون هەیە لە روانگەیەکی وشکی ئایینزایی وانیشان بدرێت کە ئەو پابەندی یەکیەتی بوونی ئیسلامییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەم فەلسەفەیە بە تەواوی رەتکراوەتەوە و شتێك نییە بە ناوی یەکیەتی بوونی ئیسلامی[٣٩]. شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ فەلسەفە و لۆجیك ناکۆکە و لە مێژە گوتراوە (من تمنطق، تزندق).

بابا تاهیر لە دووبەیتییەکی تردا باسی یەکگرتن و ئاوێتەبوونی دڵ و دلبەر و دڵدار دەکات و سێگۆشەیەکیان لێ دروست دەکات بە جۆرێك کە نایزانێ کامەیان ئەوی تریانە و دەڵێ:

ئەگەر دل دلبەر و دلبەر کودوومە وەگەر دلبەر دل و دل را چە نوومە

دل و دلبەر وەهەم ئاویتە وینوم نە زوونوم دل کە و دلبەر کودوومە

هیچ بوونێك نییە لە جەوهەری هەرە گەورە بچێتە دەرەوە، بۆیە لێکبوونەوە و جیابونەوە لە ئارادا نییە. لێرەدا دڵ و دڵبەر بوونەتە یەك پارچە و دڵی بابا تاهیر و یاری زەمینی یا یاری ئاسمانی لە ئارادا نەماوە. بوون بە تەواوی رەنگدانەوە و تەجەللی خودای تێدا دەبینرێت.

ئەو دوو بەیتییەی ئەگەر چی وەك کلیلێك بۆ دیاریکردنی ساڵی لە دایك بوونی بابا تاهیر بەکارهاتووە بە پیتی ئەبجەد، بەڵام دەکرێت وەك پوختەی بیروباوەڕی فەلسەفەی یەکیەتی بوونیش لە دید و هزری بابا تاهیر تەماشاکەین. کە دەڵێ:

مو ئان بەحروم کە دەر زەرف ئامەدستوم مو ئان نوقتە کە دەر حەرف ئامەدستوم

بە هەر ئەلفی ئەلف قەدی بەر ئایو ئەلف قەدووم کە دەر ئەلف ئامەدستوم

ئەو فەلسەفەیەی کە سروشت و خوا تێکەڵ بە یەك دەکات، بەڵام بابا تاهیر خودی خۆی تێکەڵ بە سروشت و خودا دەکات. ئەو خۆی بە دەریایەك شوبهاندووە لە گەورەیی و لە ناو قاپێکدا هاتووە. هەروەك چۆن دڵۆپە ئاوێکیش نمونەیە بۆ دەریا ئەویش خۆی بە پارچەیەکی زۆر بچوکی گەردوون دادەنێت. یان خۆی بە خاڵیکی وجود یا سروشت و خودا و یار دەزانێ.

((ئەلف و پیتەکان: عارفەکان لە کاروبەرهەمە شیعری و پەخشانییەکانیاندا لەو نمونەیەدا مەبەستیان ئەوە بووە کە نیشان دەن تەواوی پیتەکان درێژکراوە و شێوە گۆڕاوەکانی ئەلفن چ لە خەت و نووسین چ لە ئاخاوتن و گوتن. ئەلف ئەگەر بچەمێتەوە دەبێت را و زا، ئەگەر لە ناوەڕاستدا بچەمێتەوە دەبێتە دال و ئەگەر پان و ئاسۆیی و گۆشەکانی بەرەو سەرەوە بەرزبکرێتەوە ژمارەیەك پیتی وەك با و تا دروست دەبێت. ئیتر بەم شێوەیە تەواوی پیتەکانی دی بە شێوە وەرگرتنی

جۆراوجۆر دروست دەبن. بە پێی ئەمە ئەلف لە پیتەکاندا دەردەکەوێت و پیتەکانی دی شێوەگەل و لەهەمان کاتدا دەبنە پەردەهایەك بۆ شاردنەوەی. ئەلف لە دیدی کەسی بێ ئاگا ون دەبێت بە شێوەیەك کە گوایا لە بنەڕەتدا ئەلف نەبینێ. وجودی خواو و پەیوەندی بە هەبووەکانیش هەر بەم جۆرەیە. خودا لە هەمووواندا دەردەکەوێت و ئەوان دەبنە پۆشاك و پەردەی خودا))[٤٠].

بابە تاهیر لە دووبەیتییەکی تردا خۆی بە باڵندەیەکی ئاگرین دادەنێت کە لە یەك چرکە ساتدا توانای سوتانی هەموو جیهانی هەیە و لە سنوری مرۆڤێکی سادەی بێ توانا دەردەچێت و دەڵێ:

موام ئان ئازەرین مورغی کە دەر حال بسوجوم دوزەخ ئەر بەرهەم زەنەم بال

موسەویر گەر کەشە نەقشەم بە دیوار بسوجوم عالەم عەز تەئسیری تیمسال

بابا تاهیر لەو دووبەتییەدا بە تەواوی لەناو سیفاتی خوادا تواوەتەوە و خۆی بە بەشێك لەو دەزانێ. ئەو دوو بەیتییە نزیکە لە گوتەی(انا الحق) ی حەللاج. چونکە هەم خۆی بە سووتێنەری دۆزەخ دەزانێ و هەم بە وێنە کێشانێکیش لەسەر دیوار جیهان دەسوتێنێ. ئەو دەیەوێ بڵێت کە هەموو نهێنییەکانی وجود و ئافەرینیشی ئاشکراکرووە و باکی نییە لە هیچ شتێك.

**ئەنجام:**

١- کەسایەتی بابا تاهیر و ئەو چیرۆکانەی لێی دەگێڕنەوە کەسایەتییەکی ئەفسانەییە و هێشتا بە تەواوی زانیاری ڕاست و دروستی هەمە لایەنەمان لەبەردەست نییە.

٢- ناو و نازناوە شیعرییەکەی لە سەرچاوە کوردی و فارسییەکاندا بە چەندین شێوە هاتووە. ژمارەی دووبەیتییەکانیشی پێناچێ لە (٣٠-٤٠) دووبەیتی زیاتر بێت و ئەوانی تر هی شاعیرانی گومناوی ترە و لەگەڵ دووبەیتییەکانی بابا تاهیر تێکەڵ کراوە .

٣- بیر و بۆچونی جیاواز هەیە دەربارەی زمان و لەهجەی دووبەیتییەکان. مێژوونووس و ڕەخنەگرە کوردەکان بە کوردی دادەنێن هەرچەند بۆ تێگەیشتنی پێویستی بە وەرگێڕان هەیە. بەڵام مێژوونووس و ڕەخنەگرە ئێرانییەکان ناڵێن بە فارسی نووسراوە، هەرچەند پێویستیان بە وەرگێڕان نییە.

٤- ئەو بایەخەی بە بابا تاهیر و دووبەیتییەکانی دەدرێت لە ئێران زۆر زیاترە لەوەی کوردستان و هەمووساڵێك بەرهەمەکەی بە جوانترین دیزاینی هونەری دەردەچێت، بەڵام لە کوردستان بەو جۆرە نییە، تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا تەنها لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کراوە.

٥- یارسانەکان بابا تاهیر زیاتر وەك ڕێبەر و قەدیسێك سەیر دەکەن، نەك وەك شاعیرێك. بابا تاهیریش شاعیری نەکردۆتە پیشە بەڵکو شیعری بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و کارتێکردن لە پەیڕەوانی یارسان.

٦- یەکیەتی بوون لە چەند دووبەیتییەکی بابا تاهیر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام تێبینی دەکریت تیۆرەکە پەنجە مۆری تایبەتی خۆی تێدایە.

**پەراوێز و سەرچاوەكان:**

[١] بڕوانە پووری فەرەیدون، گۆڤاری ئەكادیمی، ژمارە (٦)، ٢٠٠٧، ل ١٥٣.

[٢] منوچهر آدمیت: دیوان شعر بابا طاهر عریان همدانی، چاپ وانتشارات اقبال، چاپ یازدهم، تهران، ١٣٨٥،ص آ-ب.

[٣] محمد احمد پناهی: دوبیتی های بومی سرایان ایران، انتشارات سروش، چ ١، تهران، ١٣٧٩، ل ٣٠.

[٤] مێژووی ئەدەبی كوردی، انتشارات كردستان، چ ١، سنه، ١٣٩١ ،ل ١٨٤.

[٥] منوچهر آدمیت: ص یج.

[٦] سدیق بۆرەكەیی( سەفی زادە): مێژووی وێژەی كوردی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٥٢- ٨٢.

[٧] بڕوانە بابا تاهیری هەمەدانی ژیان و بەرهەمی، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧.

[٨] بڕوانە گەنجینە بەشێكە لە چوارینەكانی بابە تایەری هەمەدانی، دەزگای ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٧ .

[٩] مێژووی ئەدەب كوردی، ل ١٨٠.

[١٠] مێژووی ئەدەبی كوردی، ب١، چاپخانەی ئاراس، هەولیر، ٢٠١٠، ل ٢٤٨.

[١١] مێژووی وێژەی كوردی، ب١، ل٨٢.

[١٢] بڕوانە د، ابراهیم احمد شوان: ئەدەبی كۆنی كوردی، چ ٢،چاپخانەی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٤- ٢٧.

[١٣] نەوشێروان مستەفا ئەمین: بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، كتێبی یەكەم، چ ١، بیروت، ٢٠١٢، ل ٢٢٨-٢٩.

[١٤] بڕوانە میهردادی ئیزەدی: چەردە باسێك لە بارەی كوردانەوە، و: ئەمین شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٩٧.

[١٥] د. مارف خەزنەدار: ل ٢١٤.

[١٦] بڕوانە سدیق بۆرەكەیی( سەفی زادە): ل ٨٤-٨٥.

[١٧] د. مارف خەزنەدار: ل ٢١٥.

[١٨] سەرچاوەی پیشوو: ل ٢١٣.

[١٩] د. محمد معین: فرهنگ فارسی، جلد دوم، موسسه انتشارات امیر كبیر، چ سیزدهم ، تهران، ١٣٧٨، ل ١٥٧١.

[٢٠] بڕوانە علی دشتی: دمی با خیام، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، ١٣٧٧.

[٢١] منوچهر آدمیت: ص ج.

[٢٢] محمد احمد پناهی: ل ١٦.

[٢٣] سەرچاوەی پێشوو: ل ٢٥.

[٢٤] بڕوانە www.aftabir.com ٢١-٣-٢٠١٧.

[٢٥] محمد احمد پناهی: ل ١٨٢.

[٢٦] مێژووی ئەدەبی کوردی: ل ٢٠٨.

[٢٧] بڕوانە د. محمد نوری عارف: وشە و زاراوەکانی بابا تاهیر و بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەکانی زمانی کوردی دا،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

[٢٨] محمد احمد پەناهی : ل ٣١.

[٢٩] منوچهر آدمیت: ص ح.

[٣٠] د. مارف خەزنەدار: ل ٢١٦.

[٣١] بڕوانە گۆڤاری رۆڤار، ژ (٣٨)، ١٥-٢-٢٠٠٦.

[٣٢] بڕوانە گەنجینە بەشێکە لە جوارینەکانی بابە تایەری هەمەدانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٧.

[٣٣] بڕوانە گۆڤاری رۆڤار، ژ (٣٨) ، ل ٢٠- ٣٣.

[٣٤] بڕوانە بابا تاهیری هەمەدانی ژیان و بەرهەمی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧.

[٣٥] زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی، چ٩، ٢٠١٤، ل ١٨٨.

[٣٦] نورالدین خلیل: قاموس الادیان الکبری الثلاث، موسسه حورس الدولیه، اسکندریه، ٢٠١٠، ل ٥٦٥.

[٣٧] سایتی ئینتەرنێتی عرفان و حکمت در پرتو قرآن و عترت ، ١١-٣-٢٠١٧.

[٣٨] د. مارف جەزنەدار: ل ٢١٥.

[٣٩] بڕوانە د. احمد ابراهیم شوان: ل ٣٢.

[٤٠] سایتی ئینتەرنێتی عرفان و حکمت در پرتو قرآن و عترت ، ١١-٣-٢٠١٧.

## سەرچاوەکان:

### بە کوردی:

١- د. ابراهیم احمد شوان: ئەدەبی کۆنی کوردی، چ ٢،چاپخانەی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢.

٢- ئەحمەد تاقانە:بابا تاهیری هەمەدانی ژیان و بەرهەمی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣ - دڵزار: گەنجینە بەشێکە لە جوارینەکانی بابە تایەری هەمەدانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤- د. دڵشاد علی محمد و ئەوانی تر: زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی، چ٩، ٢٠١٤.

٥- سدیق بۆرەکەیی( سەفی زادە): مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٨.

٦- د. محمد نوری عارف، پووری فەرەیدون، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (٦)، ٢٠٠٧.

٧- نەوشێروان مستەفا ئەمین: بە دەم رێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چ ١، بیروت، ٢٠١٢.

٨- عەلائەدین سەجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی، انتشارات کردستان، چ ١، سنە، ١٣٩١

٩- گۆڤاری رۆڤار، ژ (٣٨)، ١٥-٢-٢٠٠٦.

١٠- میهردادی ئیزەدی: چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، و: ئەمین شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.

**بە عەرەبی:**

١- نورالدين خليل: قاموس الاديان الكبرى الثلاث، موسسه حورس الدوليه، اسكندريه، ٢٠١٠.

**بە فارسی:**

١- منوچهر آدمیت: دیوان شعر بابا طاهر عریان همدانی، چاپ و انتشارات اقبال، چاپ یازدهم، تهران، ١٣٨٥.

٢- د. محمد معین: فرهنگ فارسی، جلد دوم، موسسه انتشارات امیر کبیر، چ سیزدهم ، تهران، ١٣٧٨، ل ١٥٧١.

٣- علی دشتی: دمی با خیام، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، ١٣٧٧.

٤- محمد احمد پناهی: دوبیتی های بومی سرایان ایران، انتشارات سروش، چ ١، تهران، ١٣٧٩.

٥- سایتی ئینتەرنێتی عرفان و حکمت در پرتو قرآن و عترت.

٦- www.aftabir.com ٢١-٣-٢٠١٧.